

# وێنەکێشان چییە؟

## What Painting IS

ستار قادر

**(وێنەکێشان بەدەر لەوێنەکێشان، شتێکی دیکە نییە)**

وێنەکێشان یەکێکە لە(هونەرەجوانەکان Fin Arts) کە بەڕێگە گەلێکی هەمەجۆر گوزارشتی لێدەکرێت، زۆر سەخت و گرانە بەڕێسا زانستیە دونیاییەکان و بەو سانایە دیاری بکرێت، لەبەرئەوەی سەرەتاکانی ئەم هونەرە، پەرتەوازەو پەرت پەرت بووە لەئیشی وێنەکێشانی کۆندا، بۆیە نەتوانراوە لەڕەوتی ئەو چاخە مێژووییانەی رابردوودا، پارێزگاری لێبکرێت و بمێنێتەوە.

دیارە هۆی ئەم پەرتەوازەو نەمانەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی ئەداتی دەربڕینی ماتریالانەی ئەم جۆرە لەهونەر.

ئەوەی کە جێی سەرنج و تێڕامانە بێت بۆ باسەکەمان ئەوەیە: چوار رەگەزە کە پەیوەندییەکی جەوهەری بەخودی چۆنیەتی هاتنەبوونی وێنەکێشانەوە هەیە ئەمانەن:

1.ماددەی هەڵگر: کە لایەنە شوێنیەکەیەتی، کە جیانەبوە لەجەوهەری هێنانە بەرهەم و بەردیدی بینەر لەم هونەرەدا.

2.رووی وێنەکێشان: واتە ئەو رووەی کە وێنەکێشانی لەسەر ئەنجام دەدرێت کە جیاواز لەخاڵی رابردوو کە هەڵگری ئەم رووبەرەیە.

3.رەنگ–بۆیە.

4.ماتریالی نێوەندی هۆکاری لکاندنی رەنگ بەئەو رووبەرەی –ئەرزیەی– وێنەکێشانەوە، واتە ئەو ناوکۆییەی کە پرۆسەی لکاندن ئەنجام دەدات لەنێوان بۆیەو رووبەری تابلۆکە.

ئیتر ئەوەی کە هەریەك لەم چوار رەگەزە سەرەکیانە بەچ بارودۆخێکدا گوزەراوەو چ گۆڕانکاریەکیان پێدا هاتووە لەڕووی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیەکانیانەوە هەتا گەیشتۆتە ئەوەی کە لەئەمڕۆدا بەئامادەکراوی و هێنانە بەرهەمی



بەکوالیتی باش‌و هێزی مانەوەی زۆریان هەیە، ئەوە گەشتێکی دوورودرێژە لەنێوەندە تەکنۆلۆجیەکەیدا، واتە تەکنۆلۆجیای وێنەکێشان. کە پێدەچێت لێرەدا گەرچی پێویستەو پەیوەستیدارە بەکرۆکی باسەکەمانەوەو جیاناکرێتەوە لێی، بەڵام هەوڵ دەدەین کە کەم تا زۆر دوورمان نەخاتەوە لەچییەتی وێنەکێشان وەك رووە تیۆرییەکەی.

گەر بگەڕێینەوە سەر لایەنە مێژوویيەکەی ئەم هونەرە، دەکرێ هەر ئەوەندە بڵێین کە لەسەرەتادا وەك هونەرێکی پراکتیزە کراو هاتۆتەکایەوە، نەك وەك ئەوەی کە لەئەمڕۆدا وەك دەربڕینی‌و گوزارشت بێت لەئایدیا‌و هەست‌و سۆزە باڵاکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئیستاتیکی رووت، وەك لەهونەری هاوچەرخدا دەبینرێت، بەڵکو لەسەرەتادا کەوتۆتە ژێر رکێڤێك کە پەیوەست بووە بەسیحرو پەرجووەوە. نموونەی ئەم جۆرەش لەوێنەی راوشکارو دیمەنی جۆراوجۆری رەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی سەرەتایی دەرکەوتووەو دواتر لەژوورەکانی ناشتن دواتر بۆ رازاندنەوەو پینەوپەڕۆی هەندێ لەو تەلارانەدا تەوزیف کراوە. سەرباقی هەموو ئەو وەزیفەو ئەرکانەی کە لەڕابردوویەکی دووردا کەوتۆتە سەری ئەو خاسیەت‌و خەسڵەتە تایبەتمەندییەی خۆی لەدەست نەداوە کە خەسڵەتگەلێك تایبەت بەخودی وێنەکێشانن. بەڵام هەر پەیوەست بووەو جیانەبوەوەیە لەو رەگەزانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

دیارە ئەم دەرئەنجامانە پەلکێشمان دەکاتە نێو باسێکی فەلسەفی کۆن کە (کەڵك‌و جوانیە) لەهونەردا کە لەڕۆژگاری ئەفلاتووندا زۆر قسەو باسی لێوەکراوە دواجار ئەو دەرئەنجامە خراوەتە روو کە بەها رۆحیەکانی (دال)ییە لەسەرماددە.

هەر لێرەدا ئەوە یەکالابۆتەوە لەنێوان-سەنعەتکار-و هونەرمەند یان وێنەکێشدا هەیە، کە سەنعەتکار لەپێناو پێداویستییەکانی کۆمەڵدا ئەوەی لەماتریالەکاندا بەئەنجامی گەیاندووەو گۆڕانی بەسەردا هێناوە جوداو جیاوازە لەوەی کە



وێنەكێش داهێنەر ئیشی بۆ تێركردنی ئارەزووی هونەریی كردووە لەڕووە ئیستاتیكی و چەشەییەوە. دەكرێ بڵێین ئەوەی لەئەمڕۆدا هەیەو دەیبینین كە وێنەكێشی ئەمڕۆ لێی حەساونەتەوە هەموو هەوڵ و كۆششەكان دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندان لێكۆڵەرەوانی داهێنەر لەبوارە تەكنۆلۆجیی و حرفەیی وێنەكێشاندا. وە لێرە بەدواوە لایەنە گرنگ و مێژووییەكانی ئەم هەوڵ و تێكۆشانە كە بەكورتیش بێت دەخەینە روو:

دەكرێ قسەكردن و لێدوان لەسەر هاتنەبوونی بەردیدی هونەری وێنەكێشان لەو چركە ساتانەوە سەرچاوە بگرێت كە مرۆڤ رێگەی لكاندنی-رەنگ و رووبەری وێنەكێشانی لەسەر روویەكی تەخت كردبێت و گەر بەڕێگەی رێكەوتیش بێت بەئەنجامی گەیاندبێت دیارە هۆكاری سروشتی هاوڕای ئەم پرۆسەیە بووە: وەك ئامادەگی گڵ وقوڕی رەنگاوڕەنگی جیاواز بەوپەڕی سانایی بێ هیچ زانیاریەكی ئەوتۆ بەكاربرێن لەگەڵ ئەمەش رووەكی هاردراو پاشماوەیی خۆراكی مرۆڤی سەرەتایی كە بەتێپەڕینی كات تەفاعولی كیمیاییان بەسەردا هاتووەو وەك كەرەسەیەكی بەردەست هەبوون لەبەردەست هونەرمەندی سەرەتاییدا، لەگەڵ ئێسكی سووتاو، هەموو ئەم ماتریالانە سەرەتایی ترین مادده بوون بۆ وێنەكێشان لەو رۆژگارەدا، دیارە هەر هێزی ئەم ماددانەبوون ئیحاو هێزی دەربڕینخوازیەی بەهونەمەندی سەرەتایی بەخشیوە تا بەڕەنگە هاوئاهەنگەكانی گوزارشت بكات، ئەو فۆرمانەی لەشێوەی نەخش و بنیادەم و ئاژەڵ كە دیارە بارگاوییە بەماناو دەلالەتی خۆی و كردبویەتیە تاكە هەڵگری هەست و سۆزو ئایدیا ساكارەكانی رەنگەكان كە بوونەتە هەڵگری مەبەستە رۆحی و چركەساتەكانی وێنەكێشانی هەست و سۆزو لایەنە سایكۆلۆجیی و بیرۆكە سەرەتاییەكانی... ئەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت كە تەنها ماتریالی بەكاربردن بەس نییە كە بۆ ئەوەی كاری وێنەكێشان ئەنجام بدرێت، وەك لەپێشتر خستمانەڕوو. بەڵكو دەبێت یەكێكی‌تر لەڕەگەزە سەرەكیەكانی وێنەكێشان ئامادەبكرێت كە ئەویش

ئەو پانتاییەیە کە دەبێتە هەڵگری هەتاهەتایی رەنگو هێڵەکانو دەبێت سیفەتی گونجاوی لەباری تێدا بێت بۆ ئەم مەبەستە کە لەسەرەتادا دیواری ئەشکەوتەکانیو زبری رووبەرەکە هۆکارێکی گونجاو بووە بۆ ئەم مەبەستە. هەروەها ساناترین ماددەی لکاندنو تێکەڵەیی بۆ ئەو چرکەساتانە ئاو بووە یان ئەو ماددە رۆنیانە بوو کە تێکەڵەیەکی لەباری دروست کردووە بۆ پەیوەستی رەنگی قوڕو رووەکەکان بۆ پرۆسەی لکاندنی بەدیوارەکانەوە، خەڵوزی ئێسکی ئەو ئاژەڵانەی کە زۆربەی ژیانیانی لەسەر بووە. هەموو ئەم پرۆسەیە وەك بەشێکی جیانەبوەوە لەسروشت بەئەنجام گەیەنراون چونکە هەرچی کەرەسەی بەکارهێنان بووە سروشتی رووت بوون، بۆیە دەبینین دوای سەدان هەزار ساڵ هێزی مانەوەیان لەدەست نەچووەو لەئەمڕۆدا لەبەر چاون، دیارە ئەم دیاردەیەش سەرنجێکی زۆری تەکنۆلۆجیستەکانی ئەم رۆژگارەی راکێشاوە کە تا لەو ماتریالانە بکۆڵنەوەو رەگەزە سەرەکیەکانی تاووتوێ بکەن، چونکە هێزی مانەوەیان زۆرەو ئەم هونەرەش پەیوەستە بەو کەرەسانەوە کە لەئەمڕۆو رابردووشدا ئەگینا جەوهەری خۆی لەدەست دەداتو نامێنێت.

ئەتوانرێت بەواتایەکی دی بڵێین کاری هونەری وێنەکێشان بەبێ ئامرازی پیشەسازیو وێنەکێشان واتە تەکنۆلۆجیای وێنەکێشان نایەتە بەرهەمو تەکنەلۆجیای وێنەکێشان Painting Technology دارشتنی کۆمپۆزەیشەنی کاری وێنەکێشان دیاری دەکات. بەتایبەت بەبێ کەرەسەی وێنەکێشان وەك رەنگ، فڵچە رووبەری مادیانەی وێنەکێشان بونیات نادرێت ناخرێتە بەر دیدو چاوان.

دەکرێ جۆرەکانی وێنەکێشان پۆڵێن بکرێتە سەر سێ شێوە ئیشکردن کە ئەمانەن: شێوەی دیواربەندی، تابلۆ، پەرتوتگەرایی هەرچی شێوەکانی دیواربەندییە پەیوەستیەکی نەپچڕاوی هەیە بەبیناسازییەوە، لەگرنگترین جۆری دیواربەندی کە لەکۆنەوە تا ئێستا ئیشی پێدەکرێتو رووی دیوارەکانی پێدادەپۆشرێت فریسکۆیە[1] یان ئەو جۆرەرەنگەیە کە بەهۆی گەرمیەوە دەلکێنرێت بەدیوارەوە، هەروەها تابلۆش بەهەمان شێوە پەیوەندیدارە بەتەلارسازی بیناسازییەوە، کە گرنگترینو پڕ بەهاترینیان ئەو تابلۆیانەن کە لەسەر قوماشی ئامادەکراو بەرگەگرتوو تۆکمە ئەنجام دەدرێت، کە جۆرەکانی کانڤاسە جۆری سێیەم کە پەیوەستە بەپەرتوكو بواری رۆژنامەگەرییەوە دیارە ئەو بەشانەی کە لەوێنەکێشان رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینرێتو لایەنی دیزاین رەچاودەکرێت بەرگی کتێبو وێنەی رەنگاوڕەنگی نێو کتێبە وەك ئەوەی کە لەکۆندا زۆر پەیڕەوکراوە هەم بۆ روونکردنەوەی بیرۆکەی کتێبەکەو هەم بۆ لایەنی ئیستاتیکیو رازاندنەوەی بابەتەکانیەتی، کە لەکۆندا میناتۆر بۆ ئەم مەبەستە زۆر ئیشی هونەری وێنەکێشانی لەنێو لاپەڕەکانی کتێبدا ئەنجام دراوە.

ئەشێ بەکورتیو بەچڕی دەستەواژەی وێنەکێشان بۆ گوزارشتکردنی زەخرەفەی سەقامگیر بەکاردەهێنرێت دیارە ئەوەی کە لەهونەرە شێوەکارییەکانی دیکە جودا دەکرێتەوە ئەوەیە کە وێنەکێشان لەسەر مەودا شوێنیەکەی تەنها لەسەر رووی فلات Flat Surface، دوو مەودایی، بەهێڵو رەنگ ئایدیاو هەستو سۆزی چڕکراوەی دیاری کراو لەلایەن هونەرمەندەکەوە بەرجەستە دەبێتو دەخرێتە بەردیدو بینین.

وێنەکێشانی رەنگی-واتە رەنگاوڕەنگ، ئیتر زەیتی Oil Colour یا تێمپرا، یاخود ئەکرلیكو

گواش‌و فریسکۆ یان ئەو ڕەنگانەی بەگەرمی یادو کوکازین یـان ئـەو مـاددە نوێیانـەی دیکـە چەسـپ دەکرێن بەسەر ڕووی تەختدا دەگرێتەوە، سەرتاپای ئـەم کەرەسـەو ماتریالانـەی نـاوبران دەچنە خانـەی ئیشـــکردنی وێنەکێشـــانەوە بـــەر لـــەو جـــۆرە ســـەرەکیانەی وێنەکێشـــان ئەوکەرەســـانەی کـــە باسـکران لەڕێگـەی پـەرەموچ، قەڵـەم‌و مەرەکـەب‌و ڕۆن‌و قەڵەم ڕەنگی‌و پاستیل یا خەڵوز بەرهەم دێت.

بـەڵام جۆرێکی دیکـەی وێنەکێشـان کـە یەکێکـە لەهونـــەری چـــاپگەرایی ئـــەو بـــەهۆی هـــەڵکۆڵین‌و لەڕێگـەی چاپەوە بەرهـەم دێت کە ئـەمیش دەچێتە خانـەی وێنەکێشانەوە، کـە ئـەکرێ بەسـێ شـێوەی جیاجیا بەرهەم بێت:

1.هـەڵکۆڵین بەترشـەڵۆکەکان کـە لەسـەر کـانزای وەك زینك‌و مس.

2.هـــەڵکۆڵین بـــەبێ ترشـــەڵۆکەکان ئـــەویش هەڵکۆڵینە لەسەر تەختە.

3.یان بەڕێگەی کیمیاوی لەسەر ڕووبەری بەرد وەك ئەوەی لە(کیشۆگرافدا) ئەنجام دەدرێ.

هـەروەها شـێوەکانی هونـەری فۆتـۆگرافیش ئـیتر ڕەش‌و سپی بێت یـان ڕەنگاوڕەنگ دەچێتە خانـەی هونەری وێنەکێشانەوە.

ئەمـەی کـە تـا ئێسـتا لێـی دوایـین زیـاتر لەسـەر ڕووە ماددیەکەی هونەری وێنەکێشانە کە لایـەنێکی گرنگ‌و بەرچاوی ئەم جۆرە هونەریە. لەمە بەدواوە دێینـە سـەر لایـەنێکی دیکـەی ئەم هونـەرە کـە دیـوە جەوهەریەکەی وێنەکێشانە. دیارە وێنەکێشان وەك هـەر ڕووبـەرێکی هونـەری دیکـە هـەڵگری نـاوەڕۆك‌و هەسـت‌و سـۆزی ئیسـتاتیکیانەیە، بـەڵام تایبـەت بەخەسڵەت‌و فۆڕمی دیاریکراو بەخودی ئەم هونەرە، ئـــەوەی جێـــی گرنگـــی‌و بایەخدانـــە لـــەم هونـــەرەدا ئیشکردنە لەکایەی بینیندا، هەروەها لەمێژووی دێرینی وێنەکێشانداو لەسـەرجەم قۆناغەکانـدا کـە مرۆڤایـەتی پێیـدا تێپـەڕیووە، ئـەم هونـەرە بـە بـەردەوامی فـۆڕمی



جۆراوجۆرو هەمەچەشنی داهێنەرانەی بەرهەمهێناوە، لەپێناو گوزارشتکارانەی دیوی رۆحی مرۆڤ، ئەتوانین بڵێین بەپێی هەریەك لەوێنەكێشەكانی خاوەنی توانستی داهێنەرانە بوون هەر لەجیتۆوە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان داهێنان بەردەوام بووەو كلتوری مرۆڤایەتیان دەوڵەمەندكردووەو وێنەكێشە داهێنەرەكان فۆرمگەلێكیان وێنەكێشاوە كە پێشتر بوونی نەبووە، هەر لەمیانی ئەم داهێنانەدا زەوقی ئیستاتیكی و مەعریفییان خستۆتە سەر كلتورە مرۆڤایەتیەكەو ئەوەی لەدوا بۆچوون و روئیا لەسەر وێنەكێشان بەبۆچوونی من یەكێكە لەو بۆچونانەی كە گوزارشتێكی لۆژیكی و ئیستاتیكی یەكێك لەبیریارە پۆست مۆدێرنیزمەكانی ئەوروپیە كە جیل دۆلۆزی بیریارە كە زۆر بۆچوونی ئیستاتیكی لەسەر ئەدەب و هونەر هەیە بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی كە لەسەر وێنەكێشان خستویەتیەتە روو: بەپێی بۆچوون دۆلوزو سەرەتای هاتنە وجودی وێنەكێشان هونەر بەگشتی دەگێڕێتەوە بۆ بیرۆكەی (ماڵ) بۆیە پێی وانیە كە هونەر لەئیشكردن لەسەر جەستەوە سەرچاوەی گرتبێ بۆیە هونەری بیناسازی بەیەكەمین هونەر دەداتە قەڵەم. ئەوەندەی پەیوەندی بەوێنەكێشانەوەیە دۆلۆز كە وێنەكێشان دەگەڕێنێتەوە بۆ دەربڕین لەهەست و سۆز- الاحساس- وە جگە لە الاحساس-هەست و سۆز بەشتێكی دیكەی نازانێ-بۆ ئەم مەبەستەش پێی وایە كە هەست و سۆز لەوێنەكێشاندا لەماتریالدا بەرجەستە نابێت گەر سەراتاپای ماتریالی بەكارهێنان-هەریەك لەخەڵوزو رەنگ..هتد) نەگۆڕێتە سەر هەست و سۆز.

بۆچوونی لەسەر ئەبستراكت ترین كارە ئەبستراكتەكانی پیت موندریان Pit Mondrianی وێنەكێشی هۆڵەندی بەڕۆژێك-ماڵ-ی كەینونەی هەست و سۆزی مۆندریان لەدابەشكردنی رووبەرەكانی بۆشایی تابلۆكانی دادەنێت. بەڕای دۆلۆز دوو ئاماژەو نیشانەی گرنگ لەبلیمەتی وێنەكێشە مەزنەكاندا هەیە ئەویش ئەم دوانەیە:

رێگرتن، كە وەك تۆقینێك وایە لەنزیكبونەوەو چونە ناو رەنگەوە. دووەمین خاڵی گرنگ كە ئەو وێنەكێشە مەزنانە سەرپەرشتیەكی سەرتاسەری هەموو بەش و رووبەرەكانە كە پەیوەست بەمۆدێلی قووڵیە لەتابلۆدا، بەبێ ئەم رێزگرتن و سەرپەرشتیە لەم دوو رەگەزەی وێنەكێشاندا، تابلۆ وجودی نامێنێ، ئەو كارە هونەریانە بێ فیكرو بێ ئیشە لەسەر مەودای بینین.

یەكێكی تر لەو بۆچونی روئیایانەی كە سەرنج و گرنگیە لەفیكری ئیستاتیكی ئەم بیریارە هەیە، بیرۆكەی پارێزگاری و هێشتنەوەیە) لەهونەرو وێنەكێشاندا، دۆلۆز پێی وایە تاكە ئیشێك كە هێزی زیندوێتی لەدەست نادات بۆ هەتایی كاری هونەریە، كاری هونەریە كە تاقانەترین فۆرمێكە كە بەسەر ناچێت وەك ئەوەی كە لەهەریەك لەتابلۆكان بەرجەستە بووە بۆ نموونە ئەوەی كە پەیوەستە بەم بیرۆكەیەوە بەم شێوەیە لەسەر تابلۆكان ئەدرێت، لەتابلۆ پۆرترێتەكاندا لاوێك پێدەكەنێت و دوای سەدان ساڵ ئەم پێكەنین و خەندانە دەپارێزێت، هەروەها بەرجەستەی رەشەباو تۆفانەكانی لەتابلۆ لاندسكەیپەكاندا درەختەكانی لاركردۆتەوەو گەڵاكانی دەوەرێنێت ئەم دیمەنە بەرجەستەی (بەرچاوی) رەشەباو تۆفانەكان دەهاتە روو، هەروەها ئەم دیمەنەش بەبەردەوامی دەمێنێتەوەو ئەوەی كە زەمەن كاری تێناكات و ئەو چركەساتانە دەپارێزێت ئەو سیحرەیە كە لەكاری وێنەكێشان و كارە هونەریەكانە هێزو توانستی مانەوەی لەهەر شتێكی دیكە زیاترو ئەبەدیە، دیارە ئەم مانەوەیەش پەیوەستە بەهێزی مانەوەی ئەو ماتریال و رەگەزە

سـەرەكیانەی كـە لەسـەرەتای باسـەكەمانەوە لێـی دوایــن. بۆیــە ئــەوە ئــەو گرفتــە تەكنیكیانــە لەوێنەكێشاندا چارەسەر دەكات، زانستە بەتایبەتی زانستی تـەكنۆلۆجیای وێنەكێشـان، بۆیـە هەریـەك لەزانسـتەكانی ڕۆچـونەتە نێـو هونـەر بەگشـتیو هونەری وێنەكێشان بەتایبەتی لـەپێناو چارەسەری ئـەو گرفتـە تەكنیكیانـەوەو بەخشـتی توانسـتی مانـەوەی لەدژایـەتیكردنی زەمـەنو نـەمركردنی هونـەری وێنەكێشـان، ئەمـەش ئـەوەمان بـۆ یەكالآدەكاتـەوە كـە لەبەركـەوتنمان بەهـەركارێكی هونـەری لەزەمـەنی تایبـەتی چركەسـاتەكانی هاتنـەبوونی، بـەبارگاوی بەحاڵەتـە سـایكۆلۆجیو ڕۆحیو ئیدراكاتەكانی هونەرمەندەكەوەیە.

رووبـەرێكی دیكـەی تیۆریـە ئیسـتاتیكیەكانی دۆلۆز كـە پـێم وایـە تاكـە كەسێكە كـە بـەو چڕیو راسـتگۆییانە لەگـەڵ پرۆسـەی وێنەكێشـاندا ڕۆچـوبێت ئـەویش ئەوەیـە كـە چـركە سـاتەكانی وێنەكێشـان دەگێڕێتـەوە بـۆ گـوزەرانیو تێپـەڕینی زەمەنو وێنەكێشان بەیـەكیَ لـەو هونەرانە دادەنێت كە جگە لەوەی كەوێنەكێشان هەڵگری شتێكی دیكە نییـە لـەوەی كـە وێنەكێشـانەو هـیچ رووبـەرێكی دیكـەی هونـەریو كلتـوری دیكـە بەئەلتـەرناتیڤی نـابن، پێـی وایـە وێنەكێشـەكان جگـە لـەوەی كـە وێنەكێشــن شــتێكیتر نــین بۆیــە پێــی وایــە هونەرمەندێكی وەك (ڤان كوخ و سیزان..هتد) بەدەر لـەوەی كـە وێنـەیان كێشـاوە بەڕاسـتگۆییو هـەوڵی جدیان بـۆ ئـەوە بـووە كـە فـۆرمێكی نـەبینراو یـان هێناوەتـە بـەر دیـدو بۆچـوون، شـتێكی دیكـە نـین لەوەی كە وێنەكێشن.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگـیراوە بـۆ نووسـینی ئەم باسە:**


1.مـاهی فلسـفە- جیـل دولـوز، ترجمـە-مطـاع صفدی.

2.حوارات-جیل دولوز، ملیكس غیتاری.

3.تكنولوجیا التصویر، د.محمد حماد 1975.

4.فـن الرسـم، هیغـل. ترجمـە: جـورج طربشـی 1980.

5.What Painting IS. James Elkins-2000-